

# گۆڕستانی زیندوان

نوسینی:  ئاسیا عبدمجید عبدالکریم

2021

# گۆڕستانی زیندوان

**نوسینی: ئاسیا عبدمجید عبدالكریم**

## ناسنامەی کتێب

ناوی کتێب: گۆڕستانی زیندوان

نوسەر : ئاسیا عبدمجید عبدالکریم

بابەت: شعر

دیزاینی بەرگ و ناوەڕۆک: زەیتون یاسین

❊ ❊ ❊ ❊ ❊

*** پێشکەشە بە هەموو باوکێک بەتایبەت ئەو ئازیزانەی بێناز باوکن ***

## پێشەکی

خۆشحاڵەبم بتوانم سوودێکم هەبێت بۆ کۆمەڵگاکەم گۆڕستانی زیندوان کۆمەڵە شعرێکە بۆباوکم نوسی لەدوای وەفاتی بەنەخۆشی شێرپەنجە ئەوکات تەمەن شانزە ساڵیم تەواو نەکردبو وەک کچێک مردنی باوکم زۆر کاری تێکردم لەڕاستی دا کاتێک باوک لەژیانت نامێنێت بۆ هەمیشە ئیتر هەستێکی نامۆ لەناخت سەرهەڵ ئەدات نەبونی باوکم بۆشاییەکی گەورەبوو لەژیانم بەئێستاشەوە دابڕانم لە سۆزوو خۆشەویستی باوکم و بێ ناز کەوتنم وای لێم کرد دەس بەمە قەڵەم و کاخەز ئەو هەستانەی ناخمیان داگیر کردبوو بیان خەمە سەرکاخەز بەو هیوایەم کەس بێنازی باوک نەچێژێت باوک مردن بۆ کچ برینێکی زۆر قوڵە چ کات هەستکرد دلت ئەشکێ ئەوکاتانە زیاتر هەست بەئازاری نەمانی باوک ئەکەیت .مردنی باوکم هێندە کاریگەری لەسەرم بو کەتا ئێستاش نەم توانیوە دەس بەرداری یادگاریەکانی بم .باوک زۆرگەورەیە بەڕادەیەک دل پڕئەبێت

نازانی چۆن وەسفی کەیت. .....هتد بۆخۆتان بیهێننە پێش چاو ئەبێت چ ئازارێک بێت وایۆ لە منداڵێک کردبت تائەم دەقەش تەزبیحەکەی باوکی لەدەستی بێت تەنانەت بۆ ڕۆژێک لەدوای نامانی لەخۆم دوور نەخستەوە بەڵێ باوک مردن ئاوایە ئازاری هەر لەدڵ ئەمێنێت.هەر ئەو هەستەی ناخم هێنامیە ئەو بڕوایەی ئێرە گۆڕستانی زیندوانە بۆیەش شعرەکانم بەو ناوە داناوە .زۆر سوپاسی ئەوئازیزانە ئەکەم بە وشەیەکیش هانیان داوم بەتایبەت خێزانەکەم، سوپاسی هاوسەرم ئەکەم سووپاسی دایکم ئەکەم بۆمن لەجێی باوکیش بوو، سوپاس بۆ برا و خوشکەکانم کە هەمیشە پشت و پەنامن .لەکۆتایدا خۆشحاڵەبم بتوانم سودێکم هەبێت بۆ خوێنەران شعرەکان تەواو باس لەناخ و هەستی خۆمەکات بەهیوام بەدڵتان بێت لەهەڵەکانم ببورن ڕەخنەکانتان سەرچاوم.

❊❊❊❊

باوەگیان

هەر منداڵەکەی دوێنێم

ئەبوو لەباوەشی تۆدا بومایە

تۆ ناوی منت بدرکاندایە

بەداخەوە قەدەر رێگەی نەدا

دوور لەباوەشوو چاوی تۆ

گەورەئەبم هەنگاوەنێم

بۆناو گۆڕستانی زیندوان

*****

باوەگیان


زۆر بیری ئەو ساتانە ئەکەم

دەست لەناو دەست بووین

گریان وپێکەنینمان یەک بوون

باوەگیان چی ئەبوو دەستمان

لێک جودا نەبوایەتەوە...؟؟؟



اخ باوەگیان تۆ لەکوێ مایتەوە ..؟

داوام لەتۆ بگەڕێوەو بەهێزبە

مەتوێوە وەکو بەفری سەرچیا

وەک ئەڵماس بە لە تاریکیدا بدرەوشێوە

*****

لای لایەی شەوانم

هەرگیز نەکەی بیرلەوە بکەیتەوە


خەمت بۆ ژێر گڵ دابنێیت

دایەگیان بامن ببمە ئەو کەسەی

فرمێسکی چاوانت بسرم

تۆ بەغەمگینی بدینم

دلەی زامدارم هێندەی تر خەمبارەبێت.



باوەگیان گەرتۆ نەبیت لەدەرگای کێ بدەم ..؟

بابە پێش ماڵئاوایت بیرلە ئێمە بکەوە

بێ تۆ چیمان لێدێت ...؟؟

بابەگیان هەرگیز جێمان مەهێڵە

*****

بابەگیان توخوا هەستەوە

لەسەر جێگەیەک مەنوو

پێی بلێن جێگەی مەرگ


بابەگیان کاتێک باوکێک ئەبینم

باوش دەکات بەڕۆڵەکەیدا بێ خواستی خۆم

چاوەکانم پڕدەبن لەفرمێسک

دیتنی تۆ لەوحاڵەدا دلم ئازارەدات

هەستەوە باوەگیان.



خۆشەویستم

لەیادت چوو بەچاو لێکنانت

دەبمە بێنازێک لەبێنازەکان..؟

هەستەوە لەسەرجێگەی مەرگ

تەنیام مەکەو هەستەوە .هەستەوە

وەکو جاری جاران

زەردەخەنەکانتم نیشان بەوە

هاوار بۆنامۆیەتیم

هاوار بۆ بێنازەکان ئاخۆ تائەمڕۆ

چۆن ڕۆژانی بێ باوکیو بێ نازیان بردۆتە سەر..؟

هاوار بۆنامۆیەتیم

هاوار بۆڕۆژانی نەبونیت لەژینم

ئەی فریشتەی جیهانی من تەنیام مەکەو هەستەوە

فرمێسکەکانی چاوم بسرەوە.

*****



باوه

باوەی شیرینم

خۆزگە هەناسەکانی من

پێش تۆ بەکۆتا ئەهات

نەم دیبایە مەرگی تۆو

ڕەش پۆشی دایکم

باوە باوەی شیرنیم

قوربانی ئەو جێیەشبم پێیدا هەنگاوت ناوە

ئەی چرای ڕووناک کەرەوەی ڕێی تاریکیم

گلیەم لێتە

بۆچی بەجێتهێشم لەنیوەی ڕێگا..؟

*****

لەدوای تۆ باوەگیان من نامۆیەکم

لەناو هەمواندا دیارم خۆم

لەنامۆیەتی خۆمدا گیرۆدەم

بابە بەڕۆیشتنت کەسێک نەما ئازارەکانمی بۆباسکەم

نازانم سەیری کوێ بکەم بۆ دیتنی

ترووسکەکانی خۆربابە

ئەو ئاسمانەی تاکوو دووێنێ باوشم پیاکردبوو

ئەمڕۆ هەورە ڕەشەکان بەریان گرتوە

ئاسمان بۆ من تاریکستانە

باوەگیان لەدوای نەمانت مانگ

جوانی و درەوشانەوەی نەماوە

پێم ناڵێت کێ ئەبێتە اسمانی بێنازکراوی من ..؟

کێ ئەبێتە هیوایەک بۆ هێنانەدی ئامانجەکانم ..؟

بنوبنو شیرینەکەم



******

باوەگیان کاتیک تۆیان برد

بۆ ماڵی هەمیشەیت چاو لەڕێبووم

ئیزرائیل بێ بەمیوانم

وادیارە قەدەرم لەگۆرستانی زیندوان ماوە

ئاوتە خوازم کەس بۆ دیداری ئازیزێک

ڕوونەکاتە گۆرستان

ڕقم لە ئیزرائیل بۆوە بەگیان کێشانت

سێر هەر لایەکیماڵەکەم ئەکەم نیت

مردن لێکی جیاکردینەوە

دەستەکانم لە دەست دابرا

ئیتر نیگایەک نەما لێم تێبگات

ئێستا ڕقم لە ئیزرائیل نیە

گەر ببێ بەمیوانم خۆشحاڵەبم

دلنیام تەنها ڕووح کێشان بەدیداری تۆم

شادەکاتەوە

*****

گۆرستانی زیندوان........

باوەگیان زۆر بەتوندی امێزم

لەجەستەی سارڕدت گرت

وام ئەزانی مەرگت ڕەتئەکەمەوە

بێ ئاگا لەوەی ئەم فەرمانی بێ نازیەم

لەمێژە مۆر کراوە ئازیزەکەم

مەرگی تۆ منی هێنایە چۆک

هەرگیز لەبیرم ناچێت لەئامێزی تۆ دابڕام

گەرچی باوشێکی سارِدبو بەڵام

دلم زۆر مورتاح بو لانی کەم تۆ هەر هەبوویت

باوەگیان دوور لەتۆ یاسایەکی ساردوو سری ژیان

بێ وویست خۆم ژیاندمی

ماڵئاوا ڕۆژانی بێ تۆی چاوەڕوانمە

*****

باوەگیان پایز گەڕایەوە

پایزێک بێ تۆ بڕواو نەیاتەوە

گەڵاکان هەڵوەرینەوە

لەگەڵ پایز ڕەنگت زەرد بوو

بەهاتنی بەهار رووحت دایە جوانی سرووشت

****



باوەگیان چەند بیر ئەکەمەوە تۆ نەمردویت

کاتێک دێمە سەر گۆڕەکەت

هەستەکانم پێمەڵێن مەگری باوکت نەمردوە

گەر نەمردوویت لەکوێ ماویتەوە ..؟

بۆ ناگەڕێیتەوە ؟؟؟

*****

باوەگیان توخوا هەستەوە لە سەیزەنور

بگەڕێوە لای ئێمە باپێکەوە بۆنی گوڵەکان بکەین

بادووبارە پێبکەنینەوە

تۆ ڕووی مانگت نەدیوە لەدوات

چەند پەرێشانە ئیتر مانگ

نەجوان و نە پرشنگ داری جارانی ماوە.



باوەگیان پێیان ووتم ڕۆیشتوتە

بۆ سەفەر ڕێگای هاتنەوەت نیە

باوەگیان دلەی بێنازم

هەر بەهیوای هاتنەوەت بوو

ڕۆژان هات و ڕۆژان ڕۆیشت

بەخوا تۆ نەهاتیەوە بۆ یەکجار

نەهاتیەوە

*****

هەست بە ئارامی ئەکەم

لەسەر گۆڕت باوەگیان

لەوکاتەی دێمە لات بۆ گۆڕستان

هەست ئەکەم لە ئامێزی گەرمی

خۆت گرتبم هێندە دل هەست بە ئارامی ئەکات

وەک ئەوەی هەرزیندووبی



خۆشم ئەوێت وەک بتدینم

باوەگیان لەنەخۆشخانەی هیواوە

بۆ بێ هیوای هەنگاوت نا

من لەخۆم ئەپرسی واتا باوکم ئەمرێت

سووێند بەپیرۆزیەکان

تا ئەو ساتەی لەسەر لاشەی ساردت بووم

هەر بڕوام نەبوو بەکۆچت

بریا تۆ نوێژی مردووت لەسەرم بکردایە

تۆ نەمردیتایە

*****

باوەگیان لە بەرە بەیاندا بوو

تارمایی دەستی گرتبوو

بەسەر ماڵەکەتدا ئیزائیل ڕووحتی کێشا

کەچاوم هەڵهێنا ووتیان باوکت مردوە

وای باوەگیان خۆزگە مردنت تەنها

گاڵتەیەک بوایە باوەگیان





باوەگیان لەدوای ماڵئاوایت

دلم هێندە ئازاری تێدایە

ئارەزووی مەرگ دەکەم

هێندە هەست بە تەنهای ئەکەم

بەجۆریک تەنها کەسبم

بێ بەشی سۆزی باوکایەتی بم

خۆزگا ئەوکاتەی دل ئاوات

ئەخوازێت بەمەرگ

مەرگ زوو بهاتایە

*****

کاتێک مردم

پێوویستم بەگریانی کەس نیە

با هیچ کەس بۆم دلتەنگ نەبێت

باکەس گوڵ بۆ سەر گۆڕم نەهێنێت

تەنها ئاواتمە لەلای تۆوە بنێژرێم

باوەگیان تۆ گشت کەسم بووی

ئێستا کەنیت بێ کەسی دەوری تەنیووم.

*****

باوەگیان لەدوای نەمانت زۆر ئازارم چەشت

گەر ڕۆژێک خودا کچم پێببەخشێت

هەرگیز ناهێلم کەس ئازاری بات

تا لەژین بمێنم ئەبمە پشت و پەنای

باوەگیان ڕۆژگارێکە کەس هەڵەی خۆی نادینێ

هێندە بەنەمانت بێ کەس کەوتم

بەس خودا بزانێت

*****



ئیتر ماڵێک نەما بەناوی ماڵە باوک

ئیتر ماڵێک نەما بۆ ئارامی

ماڵی باوکم لە سەیزەنور

خۆزگە دووریت تەنها چەن هەنگاوێک ئەبوو

تا هەرکات دل هەستی

بەبێ کەسی و بێ نازی کرد

ڕووت لێبنێیت دەردە دلت بۆبکات

لەم ڕۆوە پێم بلێن ماڵی باوکت لەکوێیە

ئەڵێم پیان . وا لە گۆڕستانی سەیزەنورە

*****

خۆزگە مردن لەدەستی خۆمان بوایە

هێندە بێزارم هێندە هەست

بەبێ کەسی خۆمەکەم وازانم

خەمگین ترین کەسی سەر ئەم زەمینەم

خۆزگە خۆزگە باوەگیان

خۆزگە بەس تۆ لەژیانم بمایتایە

بەخوا پشتم شکاوە بێ تۆ



باوک پشت و پەنای کچەکانیەتی

خۆزگە لەدوات ڕووحم دەرچوایە

*****

ژیان زۆر سەختە باوەگیان

بۆ کچەکان ژیان دوای باوک

نەڕۆژ ئەڕوات نەشەوگاری درێژ

لەدوای باوک کچەکان ئاواتە خوازن

باوشی پیاوێک ببێ بەنسیبیان


وەک هاوڕێیەک لەگەڵی بژێت

خۆشیان بوێت بەبێ هیچ بەرژەوەندییەک

خوایەگیان کچەکان وەک هەتیوەکەون

خودایە باوشی پیاوێکی دلسۆز

ببێ بەنسیبیان.



باوەگیان لەدوای ماڵئاوایت

ژیانم ڕەنگی ڕەش ئەنوان

خۆم لە گۆشەیەکی ژیان

دۆزیتەوە هەستم ئەکرد

بوم بەکەسێکی گۆشەگیر

باوەگیان بگەڕێوە با پەلکەزێڕینەبێ

ژیانی من

*****

تۆ بلێیت بەختی ڕەشم

لەکام گۆڕستان ناژرابێت ..؟؟

وا هێندە هەست بەئازار

بەدڵ تەنگی ئەکەم

خۆشی لەسەر ڕوخسارم تۆراوە



ئەمشەو هێندە بیری باوکم کرد

تا فرمێسک لەچاوم کەوتە خوار

لایە لایەم ئەکرد بۆ یەکە یەکەی ئازارەکانی دلم

حەیفێ سارێژ نەبوو

دل ئۆقرەناگرێ

تا ئامێز لە یادگاری جێماوت نەگرێ

باوەگیان یادگاریەکانت زۆر بەئازارە

*****

وەسێتم لە دوای مەرگم

بمبەنەوە گۆڕستانی نور

نزیک باوکم بمنێژن

لەسەر کێلم بنوسن چەند

بێناز و بێ کەسبوم لەدوای باوکم

لەدوای مەرگم ئازیزانم

مەیەنە سەرگۆڕم لەخەو ڕام مەچەڵەکێنن

لەم دوونیایە بەخوا نەمکرد ئۆخەی

با لەژێر خاک و خۆڵ تێر بە دڵی خۆم ئیسراحەت بکەم



ئەمڕۆت هەیە کێ ئەڵێت

سبەی تۆ ئەژیت

مەسیری هەمووی ژێر خاکە

حەیف بۆ ئەوانەی خۆشەویستی

تێکەڵ بە تۆڵە و ژەهری

دڵەڕەشەکانیان ئەکەن

*****

ئازاری ئەوانە مەدەن بێ باوکن

بێ باوکی دەردێکی زۆر قورسە

باسی ناز و سۆزی باوکتان مەکەن

بۆ بێ باوکێک اخر نازانن

بێ باوکان چەن دڵیان ناسکە

چەند هەست بەبێ کەسی ئەکەن

خۆزگە بێ باوکی وەک دەردێک

دەرمانی هەبوایە

دلم شکا بەجۆرێک یەکیش بگرێتەوە

شوێنەواری هەر دیارەمێنێت

باوەگیان چارەنوسە ئەم دلەم

هەر ڕۆژەو بە ئازارێک بناڵێ

خۆزگە خۆت لێرە بوویتایە

ئەوکاتە ئازارنابوو بەخوا

دڵم پڕ پڕ لە ئازارە خودایە

تۆ بلێی کەی ئازاری دلم بێ بەکۆتا

*****

یانی چی ئەو نایاتەوە ..؟؟

نا ڕاست نیە باوکم ئەگەڕێتەوە

باوەگیان بۆ لەهیچ جێیەک دەنگت نایات

ئەم جیهانە گەورەیە سووچێکی نەبوو

تاتیا بحەسیەوە باوەگیان

بەخوا هەتا مردن هەر ئەبێت

بلێم . باوەگیان

گلەی لە پایز مەکەن

بەهەڵوەڕانی گەڵاکان

لەگەڵ بەهاردا دووبارە

دار و درەخت سەوز ئەبنەوە

تەنها مرۆڤ دووبارە چانسی

ژیانەوەی نیـــــــــــــــــــــــــە

تا ئازیزت لە ژینە قەدری بزانە

مردن کەهات ناتوانی بیگەڕێنیتەوە



*****

لەناو دلم دا ئازار و خەمێکی زۆر هەن

ئاخۆ چەند ژیانم مابێت ..؟

تۆ بلێت کەی بۆیەکجاری

منیش ماڵئاوای لە ژیان بکەم ..؟

تا نەچینەوە بەر دەرگای ڕەحمی خودا

ئارامی ئەبەد بەدی نایات



دایەگیان دل بریندارە

بە ماڵئاوایی ئازی زیک

خۆزگە هەرگیز دڵم

ماڵئاوای یەکجاری تۆی نەدیبایە

مردنی تۆ ئازێرێکە لە ناو دلم

تا جەستەی ساردم نەخرێتە ژێر گۆڕ

هەرگیز سارێژ نابێت

*****

ئێستاش تۆ ئەو کەسەی

ئازاری دلم ئەهێنمە سەر گۆڕت

واهەست ناکەم مردبیت

دڵم هەر دەڵێت تۆ زیندوویت

خودا بکەم ڕۆژێک لەدەرگاوە

بێیتەوە ماڵ تا ئەبەد

لەژێر یەک ئاسماندا بژین پێکەوە

*****

دایکم گوڵێک

باوکم گوڵێک

بۆمن بۆنی بەهەشت

گوڵێکم هەر زوو لەچرۆکەوت

چۆوە بۆ بەهەشت

دایەگیان هەر تۆم ماوە لەژین

خودا تەمەنت پڕ خێرکات

بۆ ئێمە لەوەزیاتر نەبین

بێ کەس



*****

هەر گوڵێک ڕەنگ و بۆنی

تایبەت بەخۆی هەیە

باوەگیان لەگوڵەکانەوە

بۆم ڕوون بۆیە مرۆڤەکان

هاوشێوەن لەگەڵ گوڵ

هەر یەکەو بۆن و جوانی خۆی

تایبەتە گوڵێکم نەدی هەمان سیفات بێ

باوەگیان هەموو ڕۆژێک چاوەڕوانی

هاتنەوەی تۆ دەکەم لە مزگەوت

شوێنت دیارە و خۆت وونی

کات ئەڕوات تۆ هەر وونی

زۆر بیری ئەو ساتانەم کردوە

لەمزگەوت ئەگەڕایتەوە بەرەو ماڵ

بەرەبەیانی بەهار بوو

لەگەڵ خۆر هەڵهاتندا

بۆ یەکجاری مۆمی تەمەنت کوژایەوە

ئەوە چ ماڵئاواییەک بوو ..؟

بۆ دواجار ئامێزم لێتگرت

دەستی ساردوو سڕتم توند گرتبوو

بەگریانەوە سەرم کردە سەر سنگت

نازانم چۆن زیندوو نەبوویتەوە ...؟

کچی بێنازت بەبێ دەسەڵاتی لەسەر

لاشەی سارد و سرت ئەگریا

خودایە نامەزانی چیبکەم لەتاو ئازاری دڵم

تەنها ئەم ووت باوکە خۆمن گەورە نەبوومە

بۆچی جێم دەهێلی ...؟؟؟

بێ ئاگا لەوەی مردن ناپرسێ

کێ لەدوای سەرلێشێواوەبێ

خودا لە هەمووان بێ باکە

*****

لەدوای ماڵئاوایت ئیتر ژیان

هەستەکەم بەرگێکی دیکەی پۆشیوە

ڕووخسارم خەم دایگرتوە

زۆر لەمردن ئەترسام

ئێستا گۆڕستان ئارامگەی دڵمە

دڵەی بێ نازم هەست بەخۆشی ناکات

تانەیاتە سەر گۆڕت تا ئامێز لەخۆلی

سەرگۆڕت نەدەم خۆزگە گۆڕستانەکە

هێندەلێم نزیک بوایە رۆژی حەوت جار

بهاتمایەتە سەرگۆڕت.



باوەگیان هەردوولامان مردووینە

تۆ مردووی جەستە

منیش مردووی ڕوح

باوەگیان سەرێ هەڵبڕە

سێری ماڵەکەت بکە

بەخوا سیمای گوڵەکانی باخچەکەش گۆڕاوە


خۆزگە ئەم گۆڕستانی زیندوانە

رۆژێک بۆم بهاتایەتە کۆتا

خەریکە بێزاربم نازانم

مەیل بەکێوە بنێم ....؟

*****



باوەگیان مەڵێ کات بڕوات لەیادم ئەکات

سووێندبێ بەخودا تاڕووح لەجەستەم بێت

لەیادت ناکەم تۆ خاوەنی دلی بچوکم بویت

چ زوو دلمت کردە؟هێالنەیەکی سارد ..؟

هەرگیز نامەزانی مردنی تۆ

واتا مردنی خۆم من چیبکەم

لەگۆڕستانی زیندوان ...؟

دلنیام لای تۆ هەق هەیە

مەگەر لەدووریت تەنها

خەمەکانم بنێژم لەدلم

*****

باوەگیان بگەڕێوە خەریکە

لەنەبونیت پەتی ئارامیم ئەپچڕێ

ماندووم لەسەفەری ئەبەدیت

وون بونت وەک برینی سووتاوی دیارە

بەڕووخساری ماتم

ئەوانەی بێ باوکن هەر لەدوورەوە

بەڕووخساریان دیارە

نەم ئەزانی بێ باوکی هێندە سەختە

باوەگیان هەست ئەکەی چەند دوورین لەیەک ؟

هەست ئەکەی دەستەکانمان سارد بوونە..؟

پێیەکانمان بۆلای یەک قورس بوە.؟

چاوەکانمان بێ تروسکەی خۆشەویستین .؟

پێم ناڵێیت : ئەمە چۆن دابرانێک بوو.؟

*****



تۆ بلێییت ڕاستبێ هەموو گوڵێک

چارەنوسی هەڵوەرینبێ...؟؟؟

چەند دلخۆشین بە دەرچونی خونچە

هێدی هێدی پەلکەکانی زەرد هەڵ ئەگەڕێن

بەهار بۆ زۆر گوڵ بوە قەبرسانی

هەڵوەرینی گەڵاکانی

*****

باوەگیان

هەرچەند دەورم زۆر کەسی لێیە

بەڵام هەست بەتەنهایی ئەکەم

سووپاس گوزارم بەچارەنوسم

هەرنا دایکم ماوەتەوە

ئێوە فرمێسکی دایکتان دیوە..؟
دیوتانە کاتێ نەفسی خۆی ئەشکێنێ
بۆ منداڵێکی دیوتانە خۆی برسیەو دەنگ ناکات
من هەموویم دیوە ئەزانم چەن بەئازارە



******

بیری هەموو ئەو ساتانەم کردوە
تۆلام بوویت بەخۆشیو ناخۆشیەوە
هەرگیز باوکان جێگرەوەیان نیە
چەن کات لەسەر جێگای مەرگ بوویت
هەر ئوومێدم هەبوو هەڵەستیەوە سەر
پێیەکانت و لەناو مانا ئەمێنیەوە
نەمزانی زۆر زوو جێمان ئەهێلیت.



گەر لەتوانام بوایە
ئەو ڕێگایەم گوڵ ڕێژەکرد
ئەهێنام بۆلات تا لەژێر
ڕووناکی ئەستێرەو مانگدا
گۆرانی بۆ خەونەکانی بوتایە
دلنیام گوڵەکانیش لەم نیشتیمانە
هەست بەماندووی ئەکەن

******

باوەگیان توخوا هەستەوە
دووبارە خۆشی و شادی بخەوە
سەر ڕووخساری ماتەمی دایکم
با چیتر فرمێسک نەڕێژێت
بەئاواتم ڕۆژێک ڕووخساری دایکمبدینمەوە
وەک ئەوکاتانەی تۆ لەگەڵێ بویت
وەک مانگ ئەدرەوشایەوە

باوەگیان وەرەوە و لەسەر  هەڵەکانم

لێم تورەبە خۆشت ئاشتم بکەوە

بەپێکەنینی سەر لێوت

باوکەکان تورەشبن لە هەمووان جوانترن

بەوەفاترن بۆ ڕۆڵەکانیان

*****

تەنها ئازاری بێ باوکی سارێژنابێت

ڕۆشتنت ئازارە بێ کۆتاکەی گیانم

باوەگیان نەبونیت برینێکە دەرمانی تۆیت

بریا دەتزانی ژیان چەند گۆڕاوە

لەو ژینگەیەی چاوم بە دوونیا هەڵهێنا

هەرگیز ڕێگەی پێم نەدا خۆشەویستی

بۆتۆی خۆشەویستم دەربڕم

دایەگیان خۆزگە ڕۆژێک بهاتایە

وەک دوو پاکیزە دەردە دڵمان بۆیەک بکردایە

*****

خۆشەویستانم

وا مەرگ لەدەرگام ڕاوەستاوە

فەرمووم لێ نەکرد ووتم:

ئێستا ئەزیزانم دێنە سەردانم

زۆر چاوەڕوان بووم

دوا فرمێسکم لەچاو هاتە خوار

بە هیوای دیتنی ئازیزان

بۆ هەمیشە سەرم نایەوە



*****

بیری تۆم کرد چیبکەم بەدەس خۆم نیە

بەهەنیسکەوە ڕێگای درێژم بریوە

تا ووێنەیەکت لەگەڵدا بگرم

بابە زۆر لەمێژە لەتەنیشتت ڕانەوەستاوم

باوش ئەکەم بەکێلی سەر گۆڕت

بەخەیاڵ لە تەنیشت تۆم دەستەکانت لەسەر شانمە

تۆ پێبکەنە و مەپرسە بۆ فرمێسک بەچاوم دێنە خوار

هەمووکەسم خۆناگریم

ئەوە دڵمە هەوری ڕەش دایپۆشیوە

بارانی دڵم نم نم زووخاوی ڕەشە

*****

زۆر لەمێژە نەم ووتوە باوکە..

بیری ئەو ڕۆژانەم کردوە بانگتم ئەکرد

لەپێش چاو خۆم مەرگ ئامێزی پێتاکرد

لەسەر گۆڕت فرمێسکم ناسرم

ئەڵێن تۆ ئەم دینیت

لەدلی خۆم ئەڵێم بەشکم ئێستا لەئامێزی

شیرینی باوکم بم

وام داناوە تۆ فرمێسکی چاوانم ئەسری

نوری دلم خوات لەگەڵ

*****

باوکەکان نامرن

دلنیام لە ئاسمانەوە سەیری رۆڵەکانیان ئەکەن

دلنیام هەست بە ئێش و ئازارەکانمان ئەکەن

بەڵام ئێمە ناتوانین بتان بینین

دلنیام لەگۆریش باوکان ناخەون

ڕووحیان لەلای ڕۆڵەکانیانە

*****

بێ گومان بە ووێنەی تۆ

لە ووێنەی کەسدا نابینم

چاوە جوانەکانت ووێنای بەهەشتبون

دلە گەورەکەت ماڵی من بوو

هەبونت گەورەترین پاڵ پشت بوو

باوەگیان هەموو جەستەم لە ئازاربێ

هێندەی نەمانی تۆ ئازاری نیە

باوەگیان دڵەی تۆ لە ئاسمان گەورەتربوو

باوەشی تۆ لە خۆر بەتین تربوو

نوری ڕووخسارت نوری دڵم بوو

خۆزگە هەر لەسەر جێگە بوویتایە

بەڵام نەمردیتایە بەس بێ نەوایان

تێ ئەگەن لە دڵەی زام داری بێ باوکێک



*****

باوەگیان تۆ هەمووکەسی منیت

من چیم بێ تۆ..؟

گەر تۆم هەبێت سبەی نێشم بەدلنیای پڕشنگ دارەبی

باوەگیان تۆ ژیانت بەمن بەخشی

هەرگیز بڕوام نیە بەکۆچی دوایت

*****

خۆر هەڵدێت و ئاوا ئەبێت

تۆ نیت لەماڵ و لەدەر

من لەچاوەڕوانی تۆم بەیانیەک



پێش trووسکەکانی خۆر بگەڕێیتەوە
ماڵی سارد و سرت

*****

دایەگیان ئیتر حەزناکەم گەورەبم
گەورەبونم باوکی لێسەندم
ئەترسم ڕۆژێک لەتۆش دامبڕێنێ
حەزئەکەم هەمیشە دەستم لەناو دەست بێت
هەر وەک ڕۆژانی مناڵیم
هەرچەند دلنیام یاسای ژیان وایە
هەموو ئازاری دابڕان ئەچێژێت

*****

ناتوانم لەیادت بکەم
ناوت هەمیشە لەسەر لێوەکانمە
باوەگیان پێکەنینەکانت لەپێش چاومن
تۆ خەندەی سەر لێوەکانم بوویت
باوەگیان بگەڕێوەو ڕاستیەکان بدینە

بۆچی چاوت داخستوە ..؟

*****

بابەگیان بەڵێنت پێئەدەم

نائومێد نابم لەگەڕانەوەت

چاو لەڕێم تۆبلێی ڕۆژێ دوان

نەگەڕێیتەوە باوش ڕۆڵەکانت

باوەگیان بیرت نەکردوین ..؟



دایەگیان تێناگەم باوکم لەکوێیە ..؟

دایە توخوا بلێ کوا باوەی من ..؟

مەگەر مردوە ..؟

هێندە بێدەنگی .؟

لەهەرکەس ئەپرسم هەواڵی باوە

بێ وڵام ئەمێنم

من هەست بە خەریبی ئەکەم لەم ماڵە

دایە ئیتر باوەش نیە.

باوەگیان دووری نێوانمان

ئازار بەناخم ئەبەخشێت

هەست ئەکەم دڵم زیاتر و زیاتر

خەم دایەگرێت خۆزگە هیچ کات

ئازیزان تاڵی دووریان ناچەشت

خۆزگە شتێک بەناوی دابڕان نابوو

باوەگیان ڕۆژێک بیرم لەوە نەکردبۆوە

مردنی تۆ واتا مردنی من

پێم ناڵێیت من چیبکەم

بێ تۆ لە گۆڕستانی زیندوان ..؟

دلنیام الی تۆ هەق هەیە

نازانم تاکەی لە دڵم دا خەم بنێژم

*****

خەم بو بەهاوڕێی تەمەنم

ئەم شەو لەبێ تۆیدا باوەگیان

زۆر هەست بە تەنهای ئەکەم

هەمیشە بەو ئاواتەوە بووم

لەگەڵ تۆ دا دوونیا بڕازێنمەوە

بەڵام قەدەر ڕێگای نەدا

*****

کاتێک پێنوسەکەم ئەگرمە دەست

حەزئەکەم تەنها وەسفی جوانی و

میهرەبانیەکانی تۆی پێ بنوسمەوە

باسی میهرەبانی تۆ هەرگیز کۆتا نایا



باوەگیان

کاتێ گوڵە پشکاوەکانم دی

چاوەکانم تەواو کرانەوە

بۆنی خۆشیان هۆشی تەواوی لێم برد

هەمیشە گوڵەکان تۆم بیر ئەهێنێتەوە

هەمیشە کەسە باشەکان تەمەنیان وەک

گوڵ جوان و کورتە

*****

باوەگیان دلم تامەزرۆی ئەو ڕۆژەیە

بۆ یەکجاری بەدیدارت شاد ببمەوە


بۆ هەمیشە لەنزیکت بمێنمەوە

بێ دابڕان پێکەوە چاوەڕێی

ئازیزانمان بکەین بنوو

باوەگیان چارەنوس دوو بارە پێکەوە

کۆمان ئەکاتەوە لە دوونیایەکی دیکە



*****

باوەگیان

بوم بەهاوڕێی بێدەنگی

تاریکی باڵی بەسەر خەونەکانم کێشا

ووتەکانی ناخم زیاتر ئازارم ئەدا

وەک زمانم شکابێت

هۆکاری ئەم هەموو خەمە دوای

نەمانی تۆ دەسی پێکرد

بریا لەژیانم هەر ئەمایتەوە

ئێستا ڕازەکانی دڵم لەلای کێ باسکەم

تۆ کە نیت............

ناچارم لەسەر گۆڕت دانیشم

دەس لەسەر دلم دانێم و چاوەکانم

دابخەم و قسە بۆ تۆبکەم

تۆ لە دلمی بێ گومان گوێت لە

دەنگی شکانی دلیشم ئەبێت

*****

باوەگیان ساڵێکە لەژێر گۆڕدای

ئێستاش بڕواناکەم تۆ مردبی

هەر وائەزانم زیندوویت

ڕۆژێک دێت ئەگەڕێیتەوە

وەک پێشو دێیەوە ماڵ

دووبارە ماڵەکەمان خۆشی

باڵەکێشێتەوە بەسەریا

باوەگیان ئێستاش چاوەڕێی

گەڕانەوەتم .....

****

باوەگیان بۆچی خۆر هەڵنایات ..؟

بۆچی دوونیا لێل و بێ دەنگە..؟

من چۆنا لەم دوونیا تاریکەدا

ووێنەی خۆم بدینم ..؟

باوەگیان تۆ بلێی کەی ئەو ڕۆژەبێت

دووبارە خۆر هەڵبێ و ترووسکەکانی

لە پەنجەرەکەوە بێتە ژوور ..؟



باوەگیان لەدوای نەمانت

زۆر بەبێ دەنگی دڵم شکا

بەسەیر کردن گوڵەکانیش

چاوم پڕ فرمێسک ئەبوو

هەستم ئەکرد دڵم پارچە پارچە بوە

پێیەکانم تواناى ڕۆشتنیان نەبوو

حەزم ئەکرد پێبکەنم وەک ئەو

کاتانەی تۆ هەبووی

بەڵام تۆ نەمای تۆ نەمایت

بۆ هەمیشە منت تەنها کرد

باوک خودا ڕێزی لێناوە

تەمەنی سەتساڵیش بێ وەفات بکات

هەر ئەڵێین زوو بوو باوەگیان

زوو بوو بۆ ماڵئاوایت

باوەگیان خودات لەگەڵبێ

نەبونت ئازارێکە وەسف ناکرێ

بەدڵ نزا ئەکەم

ئەوڕۆژە نزیک بێ

بەدیداری تۆ شاد ئەبمەوە

******


ئەو ساتانەی تۆ دەسمت گرتبوو

هەستم بەهێز و توانا ئەکرد

ئەم ووت .مەرگ هەرگیز نایا

باوکم دەسمی گرتوە

بەاڵم تۆ ڕۆشتی ...



باوەگیان چاوەکانت هەڵبێنە

هەنگاو بنێ بۆالم

لەجاران زیاتر پێوویستم

بەتۆیە باوەگیان

دەستەکانم بگرە تا گەرم بێتەوە

ئامێزی تۆم پێوویستە تا جارێکی دیکە

هەست بەبوونی خۆم بکەم

*****

خۆزگە بم توانیبایە

بڕوا بەخۆم بهێنم تۆ نیت

تا خۆم ڕابهێنم بژیم بێ تۆ

هەر بەخەیاڵی هاتنەوەتم

یاخوا من بمرم بۆ بێ کەسی خۆم

کەتۆ نەبی باوەگیان

هەر بێ کەس و بێ نازیم.

بەهاتنەوەی بەهار دووبارەگوڵەکان

چرۆی نوێیان کرد

ئاگام لە دایکم بوو

بەدیار گوڵەکانەوە فرمێسکی ئەڕژان

باوەگیان ناوی تۆی ئەهێنا

ئەی ووت خودایە خۆزگە

مردوەکانیش وەک گوڵەکان هەموو

بەهارێک زیندوو بونایەتەوە



*****

تەزبیحەکەی دەستت والەدەسمایە

لەدوای ماڵئاوایت بۆ ڕۆژێک

لەخۆم دوور نەختەوە باوەگیان

نزا ئەکەم بۆت گۆڕەکەت

باخێک بێت لە باخەکانی بەهەشت.

خودایە بە باران بلێ:

بانەبارێت نم نم لە ئاسمان نەیاتەخوار

خودایە ئاخر باوکم لەسەفەرەو

بێ پۆشاکی گەرمە ئەترسم باران

بچێتە ژێر خاک و باوکم سەرمای بێت

خودایە چۆنەبێت من لە ماڵێکی گەرمدابم

باوکم لەژێر خاکدا نم نم باران

بدا لێی ئەگەر سەرمای بێت ..؟؟؟

*****

باوەگیان ئەوانە کێن دەوریان لێوداوە ..؟

من پێشتر نەیانم دیوە باوەگیان سەرت بەرزکەوە

ئەوە کێیە بانگ ئەکات کۆببنەوە ...؟

مەسیرمان ئێرەیە

بۆچی وڵامم نادەیتەوە باوەگیان..؟

باوەگیان بۆجلەکانت نەدوراوە ...؟

بۆ ڕەنگی سپی سپیە ...؟

باوه ئەمڕۆ میوانمان زۆره تۆ سەرێ بەرزکه

بۆچی بەخێرهاتنیان ناکەی ؟؟؟؟

باوەگیان بۆچی تەماشامەکەن و ئەگرین

باوه بولێمانەڕوانن ...؟؟؟

باوه تۆ بۆ بێدەنگی ..؟ باوەگیان

باوەگیان ئەڵێیت مردویەک لێرەیه ..؟

باوه وا ئەتخەنه ناو دارەمەیت واتا تۆ مردوەکەی


باوه توخوا سەرت بلندکه توخوا تۆ نەمردوویت

باوەگیان خەریکه لێت دائەبڕێم

خۆنەشێ تۆ مردبێتی ...؟؟؟

من هەر مناڵەکەی دووێنێم چۆن ئەبێت

تۆ جێم بهێلی باوەگیان تۆ گوێت لەدەنگمه ...؟؟



*****

باوەگیان

ئەچمە هەرجێگایەک چاوەکانم بۆت ئەگێڕم

لەوجێگایەی بانگت ئەکەم تۆ نیت

دلم لەخۆم دائەمێنێ بێ تۆ چەن بێ کەسم

چی ئەبوو ئێستا بهاتیایە بتوتایە

کچم هەر پشت و پەناتم ..؟

*****

باوەگیان با دوونیا هەر خامۆشبی

هەمولایەک چرای دەستیان بکوژێننەوە

با مانگیش بچێتەوە ئەو دیوو چیا

هەرچەند تۆ دووربی من تۆم هەر لەیادە

ئەبێت کەی ئەو ڕۆژەبێت منیش

بگەڕێمەوە باوشی تۆ بۆ هەمیشە.



باوەگیان بۆ هێندە زوو

پەلەی سەفەرت بوو

مەگەر حەزت ناکرد

گەورەبونی ڕۆڵەکانت بدینی ..؟

*****

باوەگیان دەسنوسەکانت پێنوسی جێماوت

بونە بەیادگاری بەشێک لەژیانم

دل تەنگ بێت سەیر یادگاریەکانت ئەکەم

لەبەر خۆمەوە ئەگریم و قسەت بۆکەم

تا دل ئارامەبێتەوە ئەگریم و بانگت ئەکەم.

*****

باوەگیان هەموو شەو یادت

ئەمباتەوە ڕۆژانی ڕابردوو

خۆزگە باوەگیان بەهەر جۆر بوایە

لەناومانا بمایتایە هەبونت

لەماڵدا هەمووشت بوو ئێستا نیت

دوونیاش بەجۆرێکەیە

ئەزانم چاوەڕوانیم بێسوودە

ئەزانم جارێکە لە دەرگاکەوە

نایەیتەوە ماڵەوە

بەڵام چیبکەم دلنایاتە بڕوا

بە ماڵئاوایت هەر وا ئەزانم ئەگەڕێیتەوە



باوک هێندە گەورەو پیرۆزە

لەدوای نەمانی جێگاکەی

بەهیچ کەسێک پڕنابێتەوە

لەهەر سوچێکیماڵەکە

ئەڕوانم بۆنی تۆی لێدێت

باوەگیان خۆزگە مەرگ هەرگیز

دەسی نەگەیشتایە بەدایک و بە باوک

*****

لەکۆتایدا هەمووومان ئازیزێکمان

ئەبەینە گۆڕستان دل چەند خەمگین بێ

ئارامەبێتەوە لەلای ئازیزی

لەکۆتایدا هەمووومان ڕێ ئەگرینەبەر

بەرەو گۆڕستان بۆالی ئازیزێکمان

تا دڵ ئارام بێتەوە.

کاتێک پێدەکەنیتی بە ڕووم دا

دووبارە لەدایک ئەبوومەوە

بەڕووی ژیاندا ئەکەوتمە گڕووگاڵ

ئێست کەنیت ژیان بەجۆریکەیە

واهەستەکەم پێکەنین لە ڕوخسارم تۆراوە

هەستەکەم گەیشتمە تەمەنێک لە نائومێدی

خۆزگە هەربمایتایە



*****

باوەگیان بەدەوری خەمەکانمەوە

لای لایە ئەکەم لە ژوورێکی تاریکەوە

لای لایە ئەکەم خەمەکانم بەجێم ناهێلن

باوەگیان خەمەکان وەک تەلەزی دەوریان داوم

نزائەکەم ئەوەی دلی هەتیوێک ئەشکێنێ

ڕۆژێک هەمان ئازار بچێژێت

توخوا خزم و کەس ڕابوەستن

باوکم مەکەنە قوالّی زەوییەوە

گەر باوکم خەوی دێت بالەمالّێ

لەسەر جێگای گەرمی بخەوێت

بۆچی ئەیکەنە بان ئەو ئەرزە ڕەقە

باوەگیان چاوەکانت لەماندوویا هەڵنایەت

دەست و پێیەکانت ڕۆژگار ماندووی کردوە

جەستەت وەک بەفر سارد بوە

توخوا باوەگیان بابڕۆینەوە مالّەوە

خۆ مالّەوە وەک ئێرە سارد و سڕنیە

دایەم لەمالّێ چاوەڕوانتە

بۆ بێدەنگی ..؟ بۆ هیچ نالّێیت.؟

*****

باوەگیان قەدەری ئیلاهیە ماڵئاوایت

خودات لەگەڵبێت شیرینکەم

بۆ ڕێگایەک ڕۆشتی گەڕانەوەی نیە

ئێمەش ڕۆژێک ئەگەڕێینەوە

بۆ دوامەنزڵگا لەوێ دوائەکەم

لە ئیلاهی شادم کاتەوە پێت باوەگیان.

*****

هەرگیز نامەوێت ماڵئاوای دایکم بدینم

هەر وەک مەرگی باوکم

مەگەر هەر خودا بزانێ ماڵئاوای ئەزیزان

چ ئازارێکە خودایە کەس نەیچێژێت.



بەرەو گۆرستان هەنگاوم ئەنا

بۆلای ئازیزی دڵم

واهەستم ئەکرد باوکم چاوەڕوانمە

هەستێکی سەیرم هەبوو

وەک باوکم زیندووبێ و چاوەڕوانی

دیدارم بێت هێندەی کە پەرۆشەبووم

بۆ گەیشتن بەسەر مەزارت.

******

باوەگیان ڕۆژێک تێپەر نابێت لێم

دلم بانگت نەکات

مەگەر تۆ باوک مردنت نەچێشتبوو ..؟

وا زوو منت بەجێهێشت ..؟

گلەی بێت لەسووجدەدا گلەیت لێ ئەکەم

تۆ هەر زوو منت تەنیا کرد

شەوی قەدرە چاو لە ئاسمانم

بەدڵ نزا ئەکەم ڕازەکانی دڵم

بەخودا ئەڵێم

ئەوانەی دڵم ئەشکێنن خودا

لێیان قبوڵ نەکات دڵەی خەم گینم

چی داوە لە ژیان ...؟

خودایە نزائەکەم بەدیداری باوکم

ئاشنام بکەیتەوە خودایە ژیان واتایەکی نیە

بەبێ باوک.

******

هەرچەند ژیان وەک پەلکە زێڕینە

جوان و دلگیربێ لەگۆشەیەکی دلی

هەر کەسێکمان ئارەزوویەک هەیە

بۆ هەنگاونان بەرەو گۆڕستان

چونکە ئازیزێکمان هەیە لە ژێر خاک

هەر چەند ژێر خاک مەیل بڕەو

هیوایەکی گەڕانەوە نیە بەڵام دڵ

ئەوساتە زۆر ئاسوودەیە دلم بیری تۆی کردوە

باوەگیـــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــان

******

هەستەکەم گەورە بوومە باوەگیان

بەڵام دلم هەر وەک منالێکە

ئەو دەمەی دلم تەنگە و دلم شکاوە

زیاتر ئەگریم و بیری تۆ ئەکەم

زیاتر هەست بەبێ تۆی و بێ نازی ئەکەم

چیبکەم ئیتر بەدەست خۆم نیە

هەروازانم دووێنێ بوو ماڵئاوایت کرد.



# کۆتایی

*پێشکەشە بە مەیلی و مەلیسای کچم وە هەموو ئەو ئازیزانەی بێنازباوکن*

